ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت

(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر نموونەیەک لە قوتابخانەکانی جێبەجێکەری پرۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەیی لە پارێزگای هەولێر)

د. کاروخ جوهر جلال[1]

[1]بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر ، هەرێمی کوردستان-عێراق, karokh.jalal@su.edu.krd

نووسەری پەیوەندیکار: د. کاروخ جوهر جلال*

پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتە لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر. بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە: توێژەر میتودی وەسفی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بۆ ساڵی خوێندنی (2024–2025)، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (40) مامۆستا، کە (23) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ بوون، و (17) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر بوون. بۆ ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە، توێژەر سوودی لە پێوەری (بدر، 2022) وەرگرتووە بۆ پێوانی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، کە لە (40) بڕگە پێکهاتووە. داتاکان بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) شیکراونەتەوە. ئەنجامەکانی توێژینەوە نیشانیدەدەن: کە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانەکاندا بە پلەی جیاواز ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە. هەروەها ئەنجامەکان بوونی جیاوازی ئاماری واتادار بە ئاستی ئاماژەی ($\alpha = 0.05$) لەنێوان مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ) نیشاندەدەن، کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی مامۆستایانی ڕەگەزی مێ بووە. هەروەها جیاوازی ئاماری واتادار لەنێوان وەڵامەکانی مامۆستایان سەبارەت بە ئاستی ئاستەنگەکان، بە پێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) هەبووە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاری بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و هەروەها بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو خستووەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: ئاستەنگەکان، مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، فێرکردن، خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

1.پێشەکی:

پەروەردەی تایبەت یەکێکە لە گرنگترین بوارە پەروەردەییەکان، کە بە تایبەتی لەم ماوەیەی دوایدا سەرنجی زۆرێك لە پسپۆران و شارەزایانی بواری پەروەردەی ڕاکێشاوە. بواری پەروەردەی تایبەت لە ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت ئەم بایەخدانەش لە ڕێگەی کارکردن بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی سەرجەم خزمەتگوزاری و بەرنامەکان بۆ تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەردەکەوێت. هەروەها لەچوارچێوەی ئەم بایەخ پێدانە، گرنگی دراوە بە پسپۆران و ڕاهێنەران و کادیرانی بواری مرۆیی و ستراتیژییە تایبەتەکانی دەستنیشانکردن و پێوانەکردن، بۆ دابینکردن و پێشکەشکردنی هەموو ئەو بەرنامە پەروەردەییانەی، کە بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئامادەکراون.

پرۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەی لە قوتابخانەی بنەڕەتی، پێویستی بە ژمارەیەك ئامادەکاری پێویست هەیە بۆ وەرگرتنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. لە گرنگترین ئەم ئامادەکارییانە بریتییە لە: کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پێویست بۆ تواناسازی و ڕاهێنانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و گشتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ شارەزابوون لە پرۆسەی پەروەردەی گشتگیر و تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها پێویستی بە ئامادەکردن و ڕاهێنانی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و ڕێنمایکارانی قوتابخانەکان هەیە. بەداخەوە، لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا هەندێک ئاڕاستەی نەرێنی بەرانبەر شێوازی تێکەڵکردن هەیە، بە تایبەتی لە نێوان هەندێک لە مامۆستایانی قوتابخانە ئاساییەکان و قوتابخانەکانی پەروەردەی تایبەتدا. بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە سیاستی تێکەڵکردندا وەربگیرێت و بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت (دامەزراوەی نیشتیمانی بۆ منداڵانی داون سێندرۆم، 2002). وەرگیراوە لە (بدر،2022،226).

قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان دامەزراوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پشت بە ژمارەیەک بنەما دەبەستێت. مامۆستای پەروەردەی تایبەتیش یەکێکە لە گرنگترین ئەم بنەمایانە، لەبەرئەوەی ڕۆڵی ڕابەرایەتی و دڵسۆزی دەبینێت لە ناو پۆل و قوتابخانە، کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی خوێندکارانی دادەنێت. بۆیە پێویستە مامۆستا توانای پەیوەندییەکانی پەرەپێبدات، بە تایبەتی ئەو پەیوەندییە مرۆییەی، کە لەنێوان خۆی و منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و هاوکارەکانی دروستی دەکات، پەیوەندییە مرۆییەکان ئەرکێکی سەرەکییە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

لە ئەرکەکانی مامۆستای پەروەردەی تایبەت، و پڕۆسەیەکە کە لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان، داتا و بیرۆکەکان، ڕێنماییەکان و ئاماژەکان لە کەسێکەوە، کە مامۆستای پەروەردەی تایبەتە بۆ کۆمەڵە کەسێك، کە خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەتن دەگوازرێنەوە، مامۆستا ڕەگەزێکی کاریگەرە لە پڕۆسەی وانەوتنەوەدا، سەرەڕای هەموو ئەو نوێگەری و بەرەوپێشچوونە پەروەردەییانەی، کە تەکنەلۆژیا لە سەردەمی ئێستادا پێشکەشی دەکات و ئامانجی بەڕێوەبردنی پڕۆسەی فێرکردنە، بەڵام هێشتا مامۆستا ڕەگەزە سەرەکییەکە لەم بوارەدا و ئەو کەسەیە، کە ئەزموونە پەروەردەییەکان ڕێکدەخات و بەڕێوەیان دەبات و لە ئاڕاستەی ئامانجە دیاریکراوەکاندا جێبەجێیان دەکات. بۆیە، ڕۆڵی مامۆستا تەنها سنووردار نییە بە دابینکردنی جۆرەکانی زانیاری و کۆگاکردنیان لە یادەوەریی خوێندکاردا، بەڵکو دەبێتە ڕێنیشاندەر و ئاڕاستەکەر و یارمەتیدەر بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویەکانی منداڵانی ئاسایی و نائاسایی (عيسي،2023، 123).

2.کێشەی توێژینەوە:

ژینگەی قوتابخانە بەهۆی جۆراوجۆری ئاستەنگەکان، ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی ئاڵۆز دەبێتەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پڕۆسەی فێرکردن هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، توانای مامۆستایان لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی شێوازی گونجاوی فێرکردن، بە تایبەتی لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە. چونکە کاری مامۆستا تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو گەیاندنی زانیارییە بە شێوەیەکی کاریگەر، بە جۆرێک، کە ببێتە هۆی تێگەیشتن وبەرەوپێشچوون لە ژیانی خوێندکار.

مامۆستایان بەگشتی و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بە تایبەتی، بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پڕۆسەی پەروەردە و کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی هەژمار دەکرێن. بۆ ئەوەی مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە ئەرکە پەروەردەییەکەیدا کاریگەربێت، پێویستە پێش هەموو شتێک کەسێتییەکی شایستە و توانای کارکردنی لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت. بەم پێیەش، ئەگەر بمانەوێت ئاستی بەرنامەکانی پەروەردەی تایبەت بەرزبکەینەوە، دەبێت لە نزیکەوە لە پێداویستییەکانیان تێبگەین و ئاستەنگەکان دیاریبکەین، کە لە کاتی جێبەجێکردنی پیشەدا ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبێتەوە(هانی،2025،726).

ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە، دەکرێت کاریگەریی نەرێنییان لەسەر توانا و لێهاتوویان هەبێت. ئەگەر ئەم ئاستەنگانە لە پۆلی ئاساییدا ئاکامی خراپیان هەبێت، ئەوا بێگومان لە بواری پەروەردەی تایبەتدا ئاکامەکانیان خراپتر دەبن، چونکە پیشەی مامۆستایەتی پێویستی بە هەوڵ و کۆششە، پێویستی بە ئارامگری و خۆڕاگریی و توانای بەردەم سەختی و ئاستەنگە جیاوازەکان دەبێت. ئەگەر مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە بەردەم ئەم ئاستەنگانەدا تووشی شکست بێت، کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەرئەنجامەکانی پەروەردە دەبێت، بەمەش ئاست و کوالێتی پەروەردە دابەزێنێت. لەبەر ئەوەی پیشەی پەروەردەی تایبەت یەکێکە لەو پیشانەی، کە مامۆستایان تێیدا ڕووبەڕووی زۆرترین ئاڵنگاری دەبنەوە، بۆیە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەم ئاستەنگ و کێشانە کارێکی گرنگە، کە یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە هۆکارەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان (الظاهر،2012، 264-266).

کێشە و ئاستەنگییەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بەربەست بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانە، لەوانە نزمبوونەوەی ئاستی منداڵانی پۆلی تایبەت، کێشەی هەستکردن بە شەرمەزاری یان لەکەی کۆمەڵایەتی (Stigma)، و لێکەوتە نەرێنییەکان و کێشەکانی تری مامۆستا لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانە و خێزانی منداڵان. هەروەها هەندێک کێشەی تری پەیوەست بە ژیانی تایبەتی مامۆستا، وەکو:(پێکهاتەی خێزانی، ڕادەی قبوڵکردن و ئارەزوو و خۆشەویستی کارەکەیان جگە لەوەش، ڕەنگە شێوازی مامەڵەی نەگونجاوی کۆمەڵگە و کەمی هۆشیاری و نەبوونی ڕێز و شوێنی شایستە، یان نەبوونی مووچەی شایستە و ئەو ئاسانکارییانەی، کە پێویستیانە بۆ کارکردن وەکو پێویست فەراهەم نەبێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەنجام نەدانی کارەکانیان بەشێوەکی سەرکەوتوو (العيساوي، 2018، 37-38).

لەم توێژینەوەیدا توێژەر هەوڵدەدات سەرچاوەی ئەو ئاستەنگانە دەستنیشان بکات، کە ڕووبەڕووی ئەم توێژە دەبێتەوە، کە ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە، کە ئەویش توێژی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتە، لە ڕێگەی تێبینییەکانی توێژەر، کە خۆی پسپۆڕی بواری پەروەردەی تایبەتە و بەشێوەی کارکردنی مەیدانی سەردانی ئەم ناوەندانەی کردووە، چەند ئاستەنگێکی دیاریکراوی بینیوە، کە مامۆستایان لە کاتی فێرکردن و ڕاهێنانکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ئەم ئاستەنگانەش کاریگەری نەرێنییان لەسەر کەسایەتی مامۆستا، توانای پیشەیی، و شێوازەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی دەبێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی خراوەتەڕوو، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1-ئایا مامۆستایان لە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانەکان، ڕووبەڕووی چی جۆرە ئاستەنگییەک دەبنەوە؟

2- ئایا ئەو ئاستەنگانەی، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە جیاوازن بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز و ساڵانی خزمەت)؟

3-لەم توێژینەوەیەدا چی پێشنیار و چارەسەرێک دەتوانرێت پێشکەش بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم ئاستەنگانە و دڵنیابوون لە دابینکردنی ژینگەی فێربوونێکی باش بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت؟

3.گرنگی توێژینەوە:

بەرپرسیارێتی فێرکردن و ڕاهێنانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێویستی بە کەسانی پەروەردەیی و پسپۆڕی شارەزا هەیە. ئامادەکردنی بەرنامە و پڕۆگرامە پەروەردەییە گونجاوەکان، دەبێت لەسەر بنەمای پێداویستی و توانا جیاوازەکانی ئەم خوێندکارانە بێت.

پرۆسەی پەروەردەکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئامانجی پەرەپێدانی تواناکان و گەشەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، و بەدەستهێنانی لێهاتوویی سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەیە. مامۆستا، وەکو یەکێک لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەروەردەیی، ڕۆڵێکی گرنگ لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا دەبینێت. لە سەردەمی هاوچەرخدا، گۆڕانکارییە خێراکان لە بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری و تەکنەلۆژییەکان، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سیستەمی بەها و شێوازەکانی بیرکردنەوە هەیە، بۆیە پێویستە تواناکانی مامۆستا بەردەوام نوێ بکرێنەوە و میتۆد و شێوازەکانی پەروەردە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بگونجێندرێن (الجعفري،2002، 14).

لە ڕوانگەی توێژەرەوە، لێکۆڵینەوە لە ئاستەنگەکانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت گرنگییەکی زانستی و مەیدانی هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئاستەنگە پیشەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی مامۆستایان دەستنیشان بکات وئەنجامەکانی دەتوانێت بنەمایەکی زانستی بۆ پەرەپێدانی ڕۆڵی مامۆستایان و باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەی تایبەت دابین بکەن.

ئاشکراکردنی سەرچاوەی ئەو ئاستەنگانەی، کە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ڕووبەڕوویان دەبنەوە بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر توانای بەرهەمداری و پەیوەندییەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانەدا هەیە. ئەگەر ئاڕاستەکە بەرەو خراپتر بوون بڕوات، بێگومان لێکەوتەی خراپی لەسەر پیشە و ئەرکەکان دەبێت و خوێندکارانیش دەبنە قوربانی یەکەم (أبوحميدان،2001، 87).

دەتوانین گرنگی توێژینەوەی ئێستا لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

1- گرنگیدا بەڕۆڵی مامۆستایان لە قوتابخانەکانی پەروەردەی گشتی: مامۆستایان ڕۆڵی چارەنوسساز و گرنگ دەبینین لە سەرکەوتنی پرۆسەی تێکەڵکردن، بۆیە زانینی بۆچوون و دیدگای ئەوان زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاستەنگ و کۆسپەکانی ئەم پرۆسەیە، لەهەمانکاتدا فاکتەری سەرەکین لە سەرکەوتنی پرۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەیی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت.

2-دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییان: دیاریکردنی ڕاستەوخۆی ئەو بەربەستە و ئاستەنگیانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە، بە مەبەستی دارشتنی ڕێگەچارەی گونجاو و کەمکردنەوەی شوێنەوارە نەرێنییەکانیان لەسەر کەسایەتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە.

3-پشتگیری بڕیاربەدەستان و کارگێڕی قوتابخانەکان: هۆشیارکردنەوەی کارگێڕی ئەو قوتابخانانەی پۆلی پەروەردەی تایبەت و ژووری سەرچاوەیان تێدایە، لەگەڵ بڕیاربەدەستانی دامەزراوە پەروەردەییەکان، تا بتوانن لەسەر بنەمای زانستی هۆکاری کێشەکان دیاریبکەن و بڕیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان بدەن.

4-دابینکردنی داتای زانستی بۆ قوتابخانە حکومییەکان: دابینکردنی زانیاریی ورد و مەیدانی سەبارەت بەو کێشانەی لە قوتابخانە گشتییەکاندا دەبنە بەربەست لە بەردەم مامۆستایان لە کاتی پەیڕەوکردنی پرۆسەی تێکەڵکردندا.

5-دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی ئاستی خوێندن: دیاریکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان بەپێی جۆر و ئاستی پەککەوتەیی، بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندنی یەکسان و مسۆگەرکردنی کوالێتی بەرزی فێربوون.

6-دابینکردنی پێداویستییەکانی ژووری سەرچاوە و ڕاهێنان: ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ گرنگیدان بە دروستکردنی ژووری سەرچاوە و سەنتەری پێشوەختە، لەگەڵ ئامادەکردنی خولی ڕاهێنانی پیشەیی بەردەوام بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و مامۆستایانی تر لە قوتابخانە.

7-پێشکەشکردنی ئامرازی پێوانەکردنی زانستی: دابینکردنی ئامرازێکی زانستی سەلمێنراو(ڕاپرسی) بۆ توێژەران و پەروەردەکاران، تاکو لە داهاتوودا بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ئاستی کێشە و ئاستەنگەکانی ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان بەکاربهێننەوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

4.ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە، زانین و دەستنیشانکردنی:

1- پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتە لە پرۆسەی ڕاهێنان و فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەو قوتابخانانەی پرۆسەی تێکەڵکردن جێ بەجێدەکەن لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

2- جیاوازی ئاماری لە وەڵامی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەربارەی ئاستەنگەکان بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی: ڕەگەز(نێر،مێ)، و (ساڵانی خزمەت) لەو قوتابخانانەی پرۆسەی تێکەڵکردن جێ بەجێدەکەن لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

5.سنووری توێژینەوە :

1-سنوری بابەتی: ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

2-سنووری مرۆیی: مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

3-سنووری کاتی: وەرزی دووەم - ساڵی خوێندن (2024 – 2025).

4-سنووری شوێنی: قوتابخانەی تێکەڵ لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

6.پێناسەی چەمکەکان:

یەکەم/ ئاستەنگەکان:

-پێناسەی عواد(2005):

بریتین لە هەر شتێک، کە دەکرێت ببێتە هۆی ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم مامەڵەکردنی مامۆستایان لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و پەککەوتوان زۆر جار ئەو ئاستەنگانە لایەنی مادی یان مەعنەوین، کە گرفت لە بەردەم پرۆسەی فێربوون دروست دەکات (عواد،2005،7).

-پێناسەی قاسمي(2020):

بریتین لە بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانە، بەمەش ئاستەنگ دروست دەبێت و کاریگەری لەسەر جۆریەتی خوێندن دروست دەکەن (بدر،2022، 229).

-پێناسەی النوافلة (2022):

ئاستەنگیە تاکەکەسییەکان، بە واتای ئەو ئاستەنگیانە دێت، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم تاک و ناتوانرێت تێپەڕێنرێت، بەمەش دەبێتە بەربەست و کێشە لە پرۆسەی خوێندنی ئەو خوێندکارانەی، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاهێنان (النوافلة،2022، 8)

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستای پەروەردەی تایبەت:

بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی، کە مامۆستایانی پەروەدەی تایبەت بەدەستێ دەهێنێن لەکاتی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەدەی تایبەت لە قوتابخانەی تێکەڵی پەروەردەیی.

دووەم :مامۆستای پەروەردەی تایبەت:

-پێناسەی عمر(2020):

مامۆستای پەروەردەی تایبەت خاوەن کەسێتییەکی زانستی و ڕۆشنبیرە، پسپۆڕە لە خوێندنی تایبەتدا، توانای دابینکردنی پرۆگرامی پەروەردەیی و چاکسازی هەیە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە لەسەنتەری تایبەت و ناوەندی پەروەردەی تایبەت بە منداڵانی پەککەوتە وانە دەڵێتەوە (عمر،2020، 262).

-پێناسەی محمد(2017):

ئەو پەروەردکارانەن، کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکان وانە دەڵێنەوە و پلانی تاکەکەسی و گروپی جێبەجێدەکەن لەڕێگەی بەرنامە و ڕەخساندنی ژینگەی پەروەردەیی گونجاو، بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی خواستی بەدەستهێنانیان هەیە (حسن،2020، 821).

پێناسەی ڕێکاری بۆ مامۆستای پەروەردەی تایبەت:

ئەو مامۆستایانەن کە لە بواری پەروەردەی تایبەتدا کاردەکەن و بەرپرسیارن لە گۆڕانکاری و چاکسازی ڕەفتاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

سێیەم: خاوەن پێداویستی تایبەت:

پێناسەی الخطيب(2021):

ئەو کەسانەن کە پێداویستی تایبەتیان هەیە، توانای کارکردنیان لە توانای کەسی ئاسایی جیاوازترە و سنورداراە، بەهۆی کێشە لە یەکێك لەلایەنەکانی (ژیری، هەستی، جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی) واتا لێهاتوویان بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرووی مامناوەندەوە یان خوار مامناوەندەوەیە، ئەمەش وایان لێدەکات پێویستیان بە بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت هەبێت وەکو پێداویستییەکی بنەڕەتی (قراقيش ،2021، 528).

چوارەم: تێکەڵکردنی پەروەردەیی:

پێناسەی الغزالي(2011) :

یەکێکە لە ڕەوتە مۆدێرنەکانی پرۆسەی پەروەردە، کە ئامانجی دانانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتە لە پۆلە تایبەت و گشتییەکان لەگەل هەمان قوتابخانەدا بە مەبەستی سود وەرگرتن لەهەمان پرۆگرامی خوێندنی منداڵانی ئاسایی، ئەمەش دوای پلان و دیزاینی پەروەردەیی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجام دەدرێت (الهودلي وعمران، 2021،472).

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو.

یەکەم: چوارچێوەی تیۆری:

تەوەرەی یەکەم: چەمکی پەروەردەی تایبەت:

پەروەردەی تایبەت بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی پرۆسەی پەروەردەیە، کە گرنگی بە ناسینەوە و دابینکردنی پێداویستییە جەستەیی، دەروونی و فێرکارییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات، وەکو ڕێزگرتنێک لە مافی ڕەوای ئەم تاکانە لە وەرگرتنی دەرفەتی یەکسانی پەروەردە و فێرکردن بەبێ هیچ جیاکارییەک. ئەوەش لە ڕێگەی داڕشتنی بەرنامە و پڕۆگرامی فێرکاریی تایبەتمەندەوە، هەوڵ بۆ دەستنیشانکردن و پەرەپێدانی توانا شاراوەکانیان دەدرێت بەپێی ئاستی تایبەتی خۆیان، هەروەها لەڕێگەیەوە پشتیوانی لە ڕاهێنانی پەروەردەی و گەشەپێدانی لێهاتوویی بەکردار دەکات تا کەسەکە بگاتە ئاستی سەربەخۆیی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی فێربوون. ئەم بواره ڕاستەوخۆ کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە بەخۆبوون و دروستکردنی تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرامبەر بەخودی خۆیان دەکات. لەڕێگەی کەسانی شارەزا لە بواری پەروەردەی تایبەت کار بۆ پاراستنی مافەکانیان دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە دەرفەتێك و ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئامادەکردنیان بەرامبەر بازاڕی کار، و پەرەپێدانی گونجاندنی کەسی، کۆمەڵایەتی و پیشەیی. هەروەها ئامانجی پەروەردەی تایبەت دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە، کە تێیدا فێربن و زامنی بەشداریکردن و تێکەڵکردنی تەواوەتی هەموو تاکەکان بکات لە ناوەندەکانی خوێندن و کۆمەڵگەدا (أبوراضي و علي،2025،160).

پەروەردەی تایبەت لە چوارچێوەی پەروەردەی گشتیدا، یەکێکە لەو چەمکانەی، کە ئاماژەیە بۆ ئەو بوارەی مامەڵە لەگەڵ پۆلێکی دیاریکراوی کەسەکان دەکات، کە پێیان دەوترێت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت یان پەککەوتووان. ئەم کەسانە پێویستیان بە دابینکردنی کۆمەڵێک بەرنامەی پەروەردەیی و پڕۆگرامی چاکسازی ڕاهێنانەوە هەیە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی وخۆپارێزییان. ئەمەش یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆ پەرەپێدانی توانا کانیان و دروستکردنی تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرامبەر بە خودی خۆیان، کە هاوکارییان دەکات بۆ گەیشتن بە گونجاندنی کەسی، کۆمەڵایەتی و پیشەیی لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین (قراقیش ئەوانی تر،2021،530).

هەندێک پێیان وایە بەرنامەکانی پەروەردەی تایبەت بە گشتی تەنها بۆ خزمەتکردنی گروپی پەککەوتووان ئاڕاستە دەکرێن؛ لە بەرامبەردا، هەندێکیتر سەرنج دەخەنە سەر ئەوەی، کە ئەم بەرنامانە دەبێت ئاڕاستەی ئەو فێرخوازانەش بکرێن، کە توانای کارکردنیان لە ئاستی ناوەندی فێرخوازانی ئاسایی بەرزترە، وەک کەسانی بەهرەدار. ئەم ڕەوتەی دووەم ڕوانگەی باڵادەستە لای توێژەرانی ئەمریکی، و توێژەرانیش پشتگیری لەم ڕوانگەیە دەکەن، بەو پێیەی کەسانی بەهرەدار و لێهاتووان لە ڕووی ژیرییەوە، هاوشێوەی گروپەکانی دیکە، پێویستیان بە بەرنامەی تایبەت هەیە بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان. لەسەر ئەم بنەمایە، لەم سااڵنەی دواییدا پۆلی بەهرەمەندانیش زیادکرا بۆ ناو پۆلێنی ئەو کەسانەی کە پێویستیی تایبەتیان هەیە (قراقیش وئەوانی تر،2021، 530) وەرگیراوە لە(الظاهر، 2008).

تەوەرەی دووەم: تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت:

زیادبوونی ڕێژەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دیاردەیەکە لە هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتووەکاندا بەدی دەکرێت. تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت پێویستە دەرفەتی تەواوی پێبدرێت بۆ ژیان و فێربوون، گەشەکردن، وەکو هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگە، چونکە ئەوان جیاوازن لە کەسانی ئاسایی، ئەم جیاوازییە بە هەمان شێوەی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خوێندکارانی بەهرەداریش دەگرێتەوە کە پێویستییان بە پشتیوانی پەروەردەیی تایبەت هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، پەروەردەی تایبەت بریتییە لە ستراتیژییەکی ڕێکخراو و ئامانجدار، کە لەلایەن کۆمەڵگە مرۆییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە تاکەکەسییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ئەم خزمەتگوزارییە پەروەردەیی، پشتیوانی و چاکسازییانە یارمەتیدەریان دەبن، تاوەکو بگەنە بەرزترین ئاستی توانای مرۆیی خۆیان، بەپێی ئەوەی ئەوان لە بنەڕەتدا لە بواری یان چەند بوارێکی گەشەکردن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا لە تاکەکانی تری کۆمەڵگە جیاوازن (عبدالنبي،2021، 456).

گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر ئاستی وڵاتان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بە جۆرێک دەبینین ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دەردەکەن تاوەکو گەرەنتیی مافەکانیان بکەن. هەروەها کۆنفرانس و سیمیناری زانستی ئەنجام دەدەن و لە بارودۆخیان دەکۆڵنەوە بە مەبەستی باشترکردنی، هاوکات هەوڵدەدەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە و دامەزراوەی پشتیوان تاوەکو گرنگی تەواو بەم گروپە بدەن. ئەوان وەکو هەر گروپێکی دیکەی کۆمەڵگە ماف و ئەرکیان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە تواناکانیان پەرەپێبدرێت تاوەکو ببنە تاکێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا (النوافلة، 2022، 16).

پێناسەی(قەرەچەتانی،2009): مەبەست لە منداڵانی پەککەوتوو و کەمئەندام ئەو منداڵانەن کە لە ئەنجامی هۆکاری بۆماوەیی یان ژینگەیی (پێش لەدایکبوون یان دوای لەدایکبوون) تووشی کەموکورتی لە یەکێک لە ئەندامەکانیان یان زیاتر لە ئەندامێکی جەستەیان بوون، بەجۆرێک ئەم کەموکورتییە بووەتە ڕێگر لەوەی نەتوانن وەک منداڵانی ئاسایی بژین یان ئەو ئەندامانەیان بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی ڕۆژانەیان بەکاربهێنن(قەرەچەتانی،2009 ،356).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

تەوەرەی سێیەم: مامۆستای پەروەردەی تایبەت:

پەروەردە وەکو ئامرازێکی بنەڕەتی کۆمەڵگە، ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕینی واقع و بنیاتنانی تاک و کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. ئامانجی پەروەردە تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو گەشەپێدانی تواناکان و بەهرەکانی تاک و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە. هەروەها، پەروەردە بەشداری لە چەسپاندنی یاسا و ڕێسا، ڕەوشت و بەها مرۆییە بەرزەکان دەکات. لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا، مامۆستا وەکو یەکێک لە بنەڕەتیترین پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردە دادەنرێت. ڕۆڵی مامۆستا تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو پەرەپێدانی کەسایەتی و تواناکانی کۆمەڵایەتیی خوێندکارە. لەگەڵ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی ڕەوتە مۆدێرنەکانی پەروەردە، تێڕوانین بۆ ڕۆڵی مامۆستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مامۆستای سەردەم وەک ڕێبەر، ڕاهێنەر و پاڵپشتی پرۆسەی فێربوون کار دەکات. لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییەدا، پەروەردەی تایبەت بواریکی گرنگی پرۆسەی پەروەردەییە. بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی تایبەت پێویستی بە مامۆستای پسپۆڕ، لێهاتوو و شارەزای پێداویستییە تاکەکەسییەکانی خوێندکاران هەیە. لەبەر ئەوە، لێهاتوویی و توانای پیشەیی مامۆستای پەروەردەی تایبەت بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و گەشەپێدانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەتە(العطار،2018، 361). هەروەها، مامۆستای پسپۆڕ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو کێشانەی، کە لە ئەنجامی پەککەوتەییەوە لە خوێندکاردا دروست دەبن و دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوون و بەشداریی پەروەردەیی دابنێن. دەستنیشانکردنی پێشەوەختەی ئەم کێشانە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی پێداویستییە تاکەکەسییەکان و دابینکردنی پشتگیری و ڕێکارە پەروەردەییە گونجاوەکان، بە مەبەستی ئاسانکردنی گونجاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لەگەڵ ژینگەی قوتابخانە (مرزوق،2010، 118).

مامۆستایان بەگشتی و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بەتایبەتی، پێویستە خاوەنی زانیاری، توانا، لێهاتوویی و شارەزای پێویست بن، کە یارمەتییان دەدات لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی وانەوتنەوەدا. هەروەها پێویستە لە ڕووی کەسێتی، دەروونی، جەستەیی و هەڵچوونییەوە ئامادەیی تەواویان هەبێت، چونکە ئەم ڕەهەندانە یارمەتی مامۆستا دەدەن سەرکەوتوو و پێشەنگ بێت لە پرۆسەی پێوانەکردن و دەستنیشانکردنی فێرخوازانی خاوەن پێداویستی تایبەت، جگە لەوەی ئاسانکاری دەکەن لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان، و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت(یحی، 2006، 412).

ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت:

مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگی هەمەلایەن دەبنەوە، کە دەکرێت بەسەر چەند تەوەرەیەکی سەرەکیدا دابەش دەکرێن:

یەکەم: ئاستەنگەکانی پەیوەست بە دەستنیشانکردن:

1-لاوازی میکانیزمی ڕوون و ستاندارد بۆ ئاڕاستەکردنی خێزان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ ژینگەی پەروەردەیی گونجاو.

2-کەمی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بۆ پشکنینی گونجاو و دەستنیشانکردنی وورد بۆ هەموو جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

3-لاوازی لە جێبەجێکردنی ئەرکی تیمی پسپۆڕ (کارکردن بە گروپ) بۆ پرۆسەی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن.

4-کەمی خولی ڕاهێنانی زانستی بۆ مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی ئامراز و ستانداردەکانی پێوانەکردنی بارودۆخەکان.

5-ئاستەنگی و ئاڵۆزی لە دیاریکردنی جۆر و ئاستی پێداویستییە تایبەتەکانی منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکان.

دووەم:ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستای پەروەردەی تایبەت:

1-کەمی دەرفەت بۆ بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان و بەرنامەکانی گەشەپێدانی پیشەیی بەردەوام.

2-لاوازی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

3-لاوازی پاڵپشتی دارایی بۆ هەوڵەکانی مامۆستا و پێزانینە مەعنەوی و مادییەکاندا.

5-کەمی ئاشنابوونی مامۆستایان بە تۆڕینەوە سەردەمییەکان ، و کەمی شارەزایی لە داڕشتنی پلانی پەروەردەیی تاکەکەسی (IEP).

سێیەم: ئاستەنگەکانی پەیوەست بە بەرنامەی پەروەردەیی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان:

1-ئاستەنگ لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی پەروەردەیی تاکەکەسی، کە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەر فێرخوازێکدا.

2-نەبوونی بەرنامەیەکی پەروەردەی گشتگیر و سەردەمیانە کە ڕەچاوی جیاوازی تاکەکەسی فێرخوازان بکات.

3-کەمی زانیاری مامۆستایان سەبارەت بە بنەماکانی پلاندانان و ئامادەکردنی بەرنامە تایبەتەکان.

4-کەمی سەرچاوە و ڕێبەری زانستی ڕوون تاوەکو مامۆستایان لە کاتی پێویستدا پشتی پێ ببەستن.

5-فەراهەم نەکردنی ژینگەیەکی گونجاو لە لایەن بەشێك لە کارگێڕی قوتابخانەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکان وەکو خۆی.

چوارەم:ئاستەنگەکانی پەیوەست بە پرۆگرامەکانی خوێندن:

1-لاوازی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت، کە ڕەچاوی ئاست وتایبەتمەندییەکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات.

2-نارووونی لە ئامانجەکانی خولی پەروەردەیی و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ناوەڕۆکەکە و واقیعی کۆمەڵایەتی فێرخوازدا.

3-کەمی ئامراز و کەرەستە پەروەردەییە دابینکراوەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندنداا.

4-نەگونجاوی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و شێوازی داڕشتنی کتێبەکان بۆ بەکارهێنانی لەلایەن خوێندکارانەوە.

پێنجەم: ئاستەنگەکانی پەیوەست بە پرۆسەی فێرکردن:

1-کەمی کاتی تەرخانکراوی بۆ فێرکردن و جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکان لەگەڵ خوێندکاراندا.

2-لاوازی لە بەکارهێنانی شێوازە سەردەمییەکانی وانەوتنەوە و ناچارکردنی مامۆستایان بە پەیڕەوکردنی شێوازی کۆن.

3-کەمی زانیاری و لێهاتوویی مامۆستایان سەبارەت بە بنەماکانی بەڕێوەبردنی ژووری سەرچاوە و پۆلی تایبەت.

4-کەمی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر لە پۆلەکاندا بۆ ئاسانکاری پرۆسەی فێرکردن.

5-لاوازی ڕۆڵی کاربەدەستان بۆ کردنەوەی ژووری سەرچاوە و سەنتەری پێشوەختە لە چەند شارو شارۆچکەیەك.

6-کەمی پاڵپشتی بۆ جێ بەجێکردنی ژینگەیەکی ئەکادیمی گونجاو، کە ڕێگە بە جێبەجێکردنی شێوازی جۆراوجۆری وانەوتنەوە بدات.

شەشەم:ئاستەنگەکانی پەیوەست بە فەلسەفەی پەروەردە:

1-لاوازی بەرنامە و سیاسەتی نیشتیمانی گشتگیر بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندن و دامەزراندنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

2-چڕبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان لە شارە گەورەکان و بێبەشبوونی شارۆچکە و ناوچە دوورەدەستەکان.

3-کەمی تەرخانکردنی بودجەی دارایی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم کەرتە.

4-لاوازی بەرنامەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی پەروەردەی تایبەت و مافەکانیان.

5-لاوازیی ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی سیاسەتێکی هۆشیارکەرەوە بۆ پاڵپشتی لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.(هانی،2025)، و(بسام و عاید،2025)، و (عیس،2023)، و(دبراسو،2020).

ڕۆڵی قوتابخانە لە تێکەڵکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت:

لە کۆتایدا توێژەر پێی وایە، ڕۆڵی قوتابخانە لە تێکەڵکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەتدا، بابەتێکی بنەڕەتییە، چونکە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، کە دیارترینیان قوتابخانەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕەخساندنی دەرفەت و تێکەڵکردنی تاک لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگەدا، تاوەکو بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە ژیانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا بکەن. هەروەها قوتابخانە بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ڕێکخراو دادەنرێت، کە بەرپرسیارە لە دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی بۆ فێرخواز تاوەکو یارمەتی بدات لە پەرەپێدانی کەسایەتی گونجاو و دەروونی هاوسەنگ، و جەستەیی تەندروست ، لەم ڕوانگەیەوە پەروەردە پرۆسەیەکە ئامانجی ئەوەیە تاک بەرەو ئەندامێتی چالاک لەو گروپەی بانگەوازی بۆ دەکات ئاڕاستە بکات، تاوەکو بە شێوەیەکی گشتی پابەند بێت بە بیروباوەڕ، دابونەریت و بەهاکان. لە پرۆسەی پەروەردەکردنداا، چەندین گروپ و دامەزراوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، وەکو خێزان، قوتابخانە و کۆمەڵگە. گومانی تێدا نییە کە پەیوەندیی نێوان خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگا بەرپرسیارێتیەکی پەروەردەیی زۆر گرنگە. ئەم بەرپرسیارێتییە پەروەردەییە پێویستی بە هاوکارییەکی نزیک لە نێوانیاندا هەیە، بەو پێیەی گواستنەوەی تاک لە کەشوهەوای خێزانییەوە بۆ ژینگەی قوتابخانە، گواستنەوەیە لە پەیوەندییە کەسییەکانەوە (کە لەسەر بنەمای بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئاشنابوون دامەزراون). لەم چوارچێوەیەدا، پەروەردەی قوتابخانە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەکانی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەدا و گونجاندنی لەگەڵ پێوەر و بەهاکان دەگێڕێت. پرۆسەی تێکەڵکردنی تاک بە کۆمەڵگەوە بەزۆری لە ساڵانی یەکەمی منداڵییەوە لە ناو خێزاندا دەست پێدەکات، ئەم پرۆسەیە لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە ئەنجام دەدرێت و ئامانجی ئەوەیە کەسایەتی تاک بە شێوەیەکی هاوسەنگ گەشە بکات و شایستەی ئەو ڕۆڵە بێت، کە لە ژینگەکەیدا دەیبینێت.

دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو گفتوگۆکردنیان:

یەکەم:توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت:

لە چوارچێوەی هەوڵە زانستییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕەهەندەکانی ئەم توێژینەوەیە و لە دوای پێداچوونەوەیەکی ورد بە توێژینەوەکانی پێشوو، کە پەیوەندیدارن بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەی ئێستا، توێژەر کۆمەڵێک توێژینەوەی خستوەتە ڕوو، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی بۆشاییە زانستییەکان و سوود وەرگرتن لە مێتۆدۆلۆژیا و ئامرازەکانیان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

1-توێژینەوەی هانی(2025):
ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پۆلەکانی پەروەردەی تایبەتە لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاوی جیاواز و لە دیدی خۆیانەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (204) مامۆستا لە قوتابخانەکان، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (139) مامۆستا، کە بەڕێگەی مەبەستدار هەڵبژاردوون، ئەنجامەکان دەریانخست: لاوازی گرنگیدانی دایکان و باوکان بە ئەنجامەکانی خوێندکاران لە سااڵی خوێندنییەکەیان بە پلەی یەکەم دێت لە دوای ئەوە فشارە دەروونییەکان دێن، کە مامۆستای پەروەردەی تایبەت ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە ئەمەش بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەکی کاریگەری نێوان خێزان و قوتابخانەیە. بوونی جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لەنێوان مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بەپێی ڕەگەز ، لەبارەی دیدگایان بۆ ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، کە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ بووە.

2-توێژینەوەی عیسی(2023):
ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگییانەیە، کە مامۆستایانی پۆلی سەرەتایی لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن ئاستەنگی فێربوونی ئەکادیمی (خوێندنەوە، نووسین و بیرکاری) ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە تووێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، توێژەر ڕاپرسیەکی ئامادەکردوە، کە پێکهاتوو لە(33) بڕگە و بڕگەکانی بەسەر چوار تەوەر دابەشکران، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوون لە (150) مامۆستا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (100) مامۆستا، کە بەشێوەی مەبەستداردا دابەشکراون. دوای کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەی ئاماریان بەڕێگەی SPSS، ئەنجامەکان دەریانخست: کە مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی بە ئاستێکی مامناوەند ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن کێشەکانی فێربوونی ئەکادیمی، ئەمەش لە هەموو ئەو تەوەرانەی ڕاپرسیەکەدا دەبینرێت، کە بریتین لە ئاستەنگە پەیوەندیدارەکان بە پرۆسەی فێرکردن، ئاستەنگە پەیوەندیدارەکان بە خودی مامۆستا، ئاستەنگە پەیوەندیدارەکان بە پرۆگرامی خوێندن، و ئاستەنگە پەیوەندیدارەکان بە پرۆسە کارگێرییەکان.

3-توێژینەوەی بدر(2022):
ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانە لە پرۆسەی تێکەڵکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە قوتابخانەکانی پەروەردەی گشتی لە شاری بیضاء. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (70) مامۆستای قوتابخانەی خوێندنی بنەڕەتی و بە شێوەی نموونەی مەبەستدار هەڵبژێردراون. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پێوەری کێشەکانی تێکەڵکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەکارهاتووە و لەگەڵ چەند گۆڕاوێک، وەکو(قوتابخانە، ڕەگەز و ئاستی خوێندنی مامۆستایان). ئەنجامەکان نیشانیانداوە: کە زۆرترین ئاستەنگەکان بەڕێزبەندی بریتین لە کێشەی ئەکادیمییەکان، کێشەکانی ژینگەی فیزیکی، کێشە کۆمەڵایەتیەکان، کێشە دەروونییەکان و کێشە ڕەفتارییەکان. هەروەها هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو بە پێی ڕەگەز لە زۆربەی تەوەرەکانی پێوەرەکەدا نەدۆزرایەوە، بەڵام لە کێشە ئەکادیمییەکان جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو هەبوو لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ. هەروەها جیاوازییەکی ئاماری بە پێی جۆری قوتابخانە لە ئاستی کێشەکاندا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە قوتابخانەی ڕابیعەی عەدویە، و بە پێی ئاستی خوێندنی مامۆستاش جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە کێشە ئەکادیمییەکان و نمرەی گشتی پێوەرەکەدا لە بەرژەوەندی مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی دەرکەوتووە.

4-توێژینەوەی (دبراسو،2020):
ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئەو ئاستەنگییانەیە، کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە لە شاری بسکرە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (47) سەرپەرشتیار و مامۆستا، کە بەڕێگەی مەبەستدار هەڵبژاردوون، ئەنجامەکان دەریانخست: مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی زۆر دەبنەوە بە هۆی نەبوونی پڕۆگرامی تایبەت و گرانی بابەتەکانی خوێندن بۆ پەککەوتووان نەبوونی و ئامرازو بەرنامەی گونجاو بۆ گروپەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەتایبەتی گروپی پەککەوتەیی بیستن. هەروەها نەبوونی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

5-توێژینەوەی(صباح،2008):
ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگییانەیە، کە ڕووبەڕووی تێکەڵکردن خوێندکارە پەککەوتووەکان دەبنەوە لە ڕوانگەی کارکردن لە قوتابخانە حکومییە سەرەتاییەکان لە فلسطین، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوون لە هەموو فەرمانبەرانی قوتابخانە حکومییە بنەڕەتییەکان، کە پۆلەکانی (یەکەم تا دەیەم) لەخۆدەگرن، لەگەڵ نموونەی ڕاوێژکاری پەروەردەیی و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت. قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوون لە (358) فەرمانبەری قوتابخانەکان. ئەنجامەکان دەریانخست: نەبوونی ستراتیژییەکانی هەڵسەنگاندن و ژووری سەرچاوە و مامۆستای پەروەردەی تایبەت، کە هاوکاربێت لە پاڵپشتیکردنی خوێندکارە پەککەوتووەکان، هەروەها نەبوونی

ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بۆ گروپی پەککەوتووان لە کاتی هەڵسەنگاندنیان و دانانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتەکان، نەبوونی کەسانی پسپۆری شارەزا لە بواری پەککەوتووی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تێکەڵکردن و خستنەڕووی ڕێنماییەکان. هەروەها دەرکەوت کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو هەیە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز(بدر،2022).

6- توێژینەوەی (الدليمي، 2005):

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی فشارە دەروونییەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بوو لەشاری بەغدا(الرصافة 1/،الكرخ 1/،الرصافة2/ الكرخ2)، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر میتودی وەسفی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، ژمارەیان (296) مامۆستا بەسەر چوار بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی بەغداد دابەشکراون، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە (20) برگە هەیە کە نوێنەرایەتی فشاری دەروونی دەکەن لەنێو مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتدا، کە پێویستیان بە پەرەپێدانی چارەسەری گونجاوە.وەکو: برگەی (مامۆستای پەروەردەی تایبەت وەکو نموونە بۆ پەککەوتوان سەیر دەکرێت) پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، برگەی (نەبوونی کەلوپەل و کەرەستەی ناو پۆلی تایبەت) پلەی دووەمی بەدەستهێناوە، هەروەها برگەی (هاوکاری خراپی دایکان و باوکانی خاو-فێربوون خوێندکاران) پلەی سێیەمیان لە ڕیزبەندی فشارە دەروونیەکاندا بەدەستهێناوە (هاني، 2022)

دووەم : گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:

ئامانجەکانی توێژینەوەکانی پێشوو بە پێی ئەو گۆڕاوانەی، کە هەر توێژینەوەیەک لێکۆڵینەوەی لەسەرکردووە جیاوازییەکی زۆریان نییە، لەبەرئەوەی زۆربەی توێژینەوەکان گۆڕاوی سەرەکییان بریتیە لە ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایان لە پرۆسەی تێکەڵکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە قوتابخانەکان، کە ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی ئێستا، کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایان لەو قوتابخانانەی، کە پرۆسەی تێکەڵکردنی پەروەدەیی جێ بە جێدەکەن.

لەگەڵ ئەوشدا بەشێك لە توێژینەوەکان بەم شێوەیە باسیان لە واقیعی پرۆسەی پەروەردەی تایبەت و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناوەندە پەروەردەییەکان کردوە، وەکو: توێژینەوەی هانی(2025)، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر لاوازی گرنگیدانی دایکان و باوکان بەرامبەر بە دەستکەوتەکانی خوێندکاران و هەروەها نەبوونی پەیوەندییەکی کاریگەری نێوان خێزان و قوتابخانەیە. هەروەها توێژینەوەی عیسی(2023)، کە تیشک دەخاتەسەر ئاستەنگی فێربوونی ئەکادیمی (خوێندنەوە، نووسین و بیرکاری) ئەو منداڵانەی خاوەن ئاستەنگی فێربوونن لە قۆناغی بنەڕەتی. هەروەها توێژینەوەی(صباح،2008)، کە باس لە نەبوونی ستراتیژییەکانی هەڵسەنگاندن و ژووری سەرچاوە و نەبوونی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بۆ گروپی پەککەوتووان لە کاتی هەڵسەنگاندنیان و دانانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتەکان دەکات، بۆ نموونە توێژینەوەی (الدليمي، 2005)، کە بەچەندین تەوەرە و بوار ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندکاران و کەمی ئامرازی هەڵسەنگان و سیستەمی کارگێڕی قوتابخانەکانی دیاریکردوە، کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە لە دامەزاروە پەروەردەییەکان.

لە ڕووی میتودۆلۆژیەوە توێژینەوەکان جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبووە، زۆربەیان پشتیان بە میتودی وەسفی بەستووە. بەڵام نموونەی توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی ژمارە، ڕەگەز و قۆناغی خوێندنەوە جیاوازبوون بە پێی سروشتی ئامانجەکانی هەر توێژینەوەیەك. بۆ نموونە توێژینەوە هەبووە، کە لەسەر نموونەی بچووک بەکارهاتووە، وەکو: توێژینەوەی بدر(2022)، و توێژینەوەی دبراسو(2020)، و توێژینەوەی عیسی(2023)، توێژینەوە هەیە، کە لەسەر نموونەی مامناوەند بەکارهاتووە، وەکو: توێژینەوەی هانی(2025) و توێژینەوەی عیس(2023). هەروەها توێژینەوە هەیە، کە بۆ نموونەی گەورە بەکارهاتووە، وەکو: توێژینەوەی صباح(2008)، و توێژینەوەی دلیمی(2005).

-سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:

بەم شێوەیە توێژینەوەکە سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە لە: شێوازی دارشتنی کێشەکە، و سوود وەرگرتن لە ئەدەبیات و تیۆر و ئەو ئامرازانەی بەکارهێنراون، هەروەها ڕێگاکانی دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بە وردی، و بەکارهێنانی هۆکارە ئاماریەکان.

بەشی سێیەم/ ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی:

یەکەم: میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشت بە (میتۆدی وەسفی Descriptive method) دەبەستێت، لەبەرئەوەی ڕێبازێکی گونجاوە بۆ خستنەڕوو و دەستنیشانکردنی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکان، هەروەها لە ڕێگەیەوە هەوڵی وەسفکردنی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە دەدرێت وداتاکانی شیدەکرێتەوە.

دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

توێژەر بۆ ساڵی خوێندنی (2024_2025) مامۆستایانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەتی وەرگرتووە، بە هەردوو ڕەگەز(نێر، مێ) بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی ئەو سەر ژمێرییەی ئێستا لە بەردەستدایە. لەخشتەی ژمارە (1) زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(1)دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز وژمارە

کۆمەڵگە	ڕەگەز	ژمارە	کۆی گشتی
مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت	نێر	24	54
	مێ	30	
کۆی گشتی			54

سێیەم:نموونەی توێژینەوە:

لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت) ژمارەیان کەمە و خاوەنی خەسڵەتی تایبەتن، توێژەر ڕێگەی (هەڵبژاردنی مەبەستدار) Purposive Samplingی بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە، بە مەبەستی بەدەستخستنی نوێنەرایەتییەکی دروست بۆ کۆمەڵگەکە. لەسەر ئەم بنەمایە (14) مامۆستا بۆ بەرجەستەکردنی خەسڵەتە سایکۆمەتریەکان(ڕاستگۆیی و جێگیری) ئامرازەکە بەکارهێناوون، و (40) مامۆستاش بە ڕێژەی (74.07%) وەک نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە دیاریکراون. خشتەی ژمارە (2) دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (2)دابەشکردنی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان.

گۆڕاو	گروپ	ژمارە	ڕێژەی سەدی%
ڕەگەز	نێر	17	%42.5
	مێ	23	%57.5
	کۆی گشتی	40	100%
ساڵانی خزمەت	لە 10 کەمتر ساڵ	29	%72.5
	ساڵ و زیاتر 10	11	%27.5
	کۆی گشتی	40	%100

چوارەم: ئامرازی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر پێویستی بە بەکارهێنانی ئامرازێك هەبوو بۆ پێوانەکردنی ئاستەنگەکانی ڕووبەڕووبونەوەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکان. دوای ئەوەی توێژەر پێداچوونەوەی بە کۆمەڵێك پێوەری گونجاو کرد، سوودی وەرگرت لە پێوەری (بدر،2022) بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە، کە پێکهاتووە لە (40) بڕگە، لەگەڵ وەڵامی جێگرەوەکانی کە بریتین لە(جێ بەجێدەبێت بە نمرەی زۆر=3، جێ بە جێدەبێت بەنمرەی مام ناوەند=2 ، جێ بەجێنابێت=1).

پێنجەم: تایبەتمەندی سایکۆمەتری پێوەری ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت:

أ-ڕاستگۆی ڕواڵەتی:

ئەم جۆرە ڕاستگۆییە بایەخدەدات بە گونجاوی دارشتنی لق وپرسیارەکان بەجۆرێك نموونەی توێژینەوەکە لێیان تێبگات و لەگەل مەبەستی هەڵسەنگاندنەکە یەکبگرنەوە وشەو زاراوەیەکی وابەکاربهێنریت، کە لەگەڵ تەمەن وئاستی ژیری گونجاوبن، بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکە، توێژەر پشتی بە ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی (Face Validity) بەستووە. پاشان پێوەرەکە خرایە بەردەم کۆمەڵێك لە پسپۆران و شارەزایانی ئەکادیمی لە بوارەکانی پەروەردەی تایبەت و دەروونناسی، کە ژمارەیان (9) کەس بوو. داوایان لێکرا بەشێوەیەکی زانستی بۆچوونی خۆیان دەربڕن سەبارەت بە(ڕاست و دروستی بڕگەکان، دارشتنی زمانەوانی، و پێشنیارکردنی دەستکارییە گونجاوەکان)، و بە ڕێکەوتنی شارەزایان ڕێژەی سەدی بۆ ئاستی هەر بڕگەیەك هەژمارکرا. ئەو بڕگانەی کە ڕێژەی ڕێککەوتنیان 80% بوو وەکو بڕگەی پەسندکراو لە پێوەرەکەدا هێڵدرانەوە. بەپێی بەڵگەی ئاماری بە جۆرێك هەر بڕگەیەك ڕێژەی ڕەزامەندی 80% کەمتر بێت لادەبرێت (عباس،1996، 57). بەم شێوەیە ژمارەی کۆتایی بڕگەکانی پێوەرەکە لە (40) بڕگە پێکهاتووە.

ب- جێگیری پێوەر:

مەبەست لە جێگیری پێوەر ڕادەی گونجانی ئەنجامی ڕاپرسییەکە لەگەڵ خۆیدا یان بەکارهێنانی ڕاپرسی یەك بە شێوە(دابەشکردنی نیوەی)، جێگیری سیفەتێکی گرنگە بۆ پێوەرەکان چونکە ئەگەر پێوەرەکە جێگیر نەبێت ناتوانین پشت بە ئەنجامەکەی ببەستین.

-توێژەر لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە جێگیری پێوانەکەی پشتڕاستکردەوە:

آ-ڕێگەی دابەشکردنی نیوەیی (Split-half method):

بۆدڵنیابوون لە جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەی)بەکارهێناوە، دوای ئەنجامدانی هاوکێشەی هاوپەیوەندی ڕێژەی جێگیری بە گشتی (0.77) دەرچوو، لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە تەنها نوێنەرایەتی جێگیری نیوەی پرسیارەکان دەکات، توێژەر هاوکێشەی سپیرمان-براونی (Spearman-Brown) بەکارهێنا بۆ ڕاستکردنەوەی هەژمارکردنی جێگیری سەرجەم ئامرازەکە، کە ڕێژەکەی بەرزبۆوە بۆ (0.87). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئامرازەکە خاوەنی جێگیرییەکی زۆر بەرز و پشتبەستووە. ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ دڵنیای توێژەر لە جێ بەجێکردنی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە. لە خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە. (عود,2002) جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کەڕێژەی جێگیری قبوڵکراو (70%) بەرەو سەرەوەبێت ئەوا بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت (مصطفي،2023، 83).

ب-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ (Cronbach's Alpha coefficient): سەرەڕای بەکارهێنانی ڕێگەی نیوەکردن، توێژەر هاوکێشەی ئالفا کرونباخی وەکو ڕێگەیەکی تر بۆ پشکنینی جێگیری ناوەکی ئامرازەکە بەکارهێنا. ڕێژەی جێگیری لەم هاوکێشەیەدا گەیشتە (0.84)، لە خشتەی(3) ڕوونکراوەتەوە، کە ئەم ڕێژەیە بەهایەکی بەرزی

متمانەپێکردنە، ئەمەش دڵنیایی دەداتە توێژەر بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نمونەی سەرەکی توێژینەوەکە.

خشتەی (3) خستنەڕووی ئەنجامی جێگیری بە هاوکێشەی هاوپەیوەندی و هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ.

پێوەری	ژمارەی بڕگەکان	دابەشکردن ی نیوەیی	هاوکێشەی سپیرمان-براون	ئەلفا کرونباخ
ئاستەنگەکان	40	0.77	0.87	0.84

ج-جێبەجێکردنی ئامراز:

دوای تەواوکردنی ڕێکارە فەرمییەکان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار، بۆ دیاریکردنی نمونەی کۆتایی توێژینەوەکە، توێژەر لە 2025/2/4 سەردانی مەیدانی بۆ قوتابخانەکان ئەنجامدا، بۆمەبەستی جێبەجێکردنی پێوەرەکەی بە شێوەی تاکی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، کە بریتی بوون لە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، پاشان داوای وەڵامدانەوەیان لێکرا. بۆ دەستەبەرکردنی وردی لە وەڵامەکان، گفتوگۆ وڕاوێژکردن لەگەڵ مامۆستایان ڕەخسێنرا لە کاتی پرۆسەی وەڵامدانەوەدا. بەم شێوەیە پرۆسەکە جێ بەجێکرا لەسەر نمونەی سەرەکی.

شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان:

- بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی داتاکان،توێژەر کۆمەڵێک هۆکاری ئاماری بەکارهێناوە لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-هاوکێشەی هاوپەیوەندی بیرسون (Person s Correlation Coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگەی دابەشکردنی نیوەی .

2-هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرۆنباخ (Cronbach's Alpha Coefficient) بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگەی دابەشکاری نیوەیی.

3-تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك نموونە (One sample T-test)بۆ زانینی ئاستی ئاماری نێوان ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ پێوەرەکە.

4-تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونە (Independent Samples t-test) بۆ زانینی جیاوازییەکانی نێوان ناوەندی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە گۆڕاوی ڕەگەز(نێر، مێ).

5-تاقیکردنەوەی (One-way ANOVA) بۆدیاریکردنی ئاستی کاریگەریی جیاوازییە ئامارییەکان بۆ گۆڕاوی(ساڵانی خزمەت).

بەشی چوارەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان وگفتوگۆکردنیان:

یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:

ئامانجی یەکەم: زانینی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، توێژەر هەڵساوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نمونە (One Sample T-test) وبەکارهێنانی ناوەندی ژمێری (90.607) بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، خشتەی (4-5) زیاتر ڕوونی دەکاتەوە:

آ / دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (One Sample T-test) بۆیەک نمونەی پێوەرەکە بە گشتی ئەنجامدرا. لەخشتەیەی(4) خوارەوە بۆمان ڕوونەدەبێتەوە.

خشتەی(4) زانینی ئاستی ئاماری نێوان ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ پێوەرەکە بەگشتی.

ژمارەی نموونە	ناوەندە ژمێرەیی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانەی	بەهای (ت) ژمێردراو	بەهای (ت) خشتەیی	ئاستی بەڵگەداری 0.05
40	90.607	9.703	80	6.914	2.021	بەڵگەدارە

تێبینی / 40-1= 39 نمرەی ئازاد .

ئەنجامەکانی خشتەی (4) نیشان دەدەن، کە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا ڕووبەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان دەبنەوە؛ بەو پێیەی ناوەندە ژمێری گشتی وەڵامەکانیان (90.607) بووە، کە لە ناوەندی گریمانەیی (80)بەرزترە. هەروەها، بەهای (ت) هەژمارکراو (6.914) لە بەهای (ت) خشتەیی (2.021) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، ئەم ئەنجامە بوونی جیاوازی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان ناوەندە ژمێری و ناوەندی گریمانەی پشتڕاست دەکاتەوە. کە پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردندا بە شێوەیەکی بەڵگەدار لە ئاستی گریمانەیی پێوەرەکە زیاترە.

نیشاندانی ئەم ئەنجامە، دەتوانرێت بە کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەست بە سروشتی کار و بارودۆخی فێرکاریی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ڕوون بکرێتەوە. فێرکردنی ئەم گروپانەی خوێندکاران پێویستی بە پلانی فێربوونی تاکەکەسی، گونجاندنی شێوازی وانەوتنەوە، بەکارهێنانی ستراتیژییە جیاوازەکان، بەڕێوەبردن، هەڵسەنگاندنی بەردەوام و هاوکاریی نێوان مامۆستا و خێزان و تیمی پسپۆران هەیە. لەبەر ئەمە، ئەگەر مامۆستا لە هەر یەکێک لەم بوارانەدا (گرفتی پشتگیری و هاندان، کەرەستە، کاتی پێویست، ڕاهێنانی پیشەیی یان سەرچاوەی فێرکاری) هەبێت، ئەوا ئەم کێشانە دەتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەزموونی فێرکردن و لێهاتووی مامۆستا دابنێن. ئەنجامی توێژینەوەکە کۆك بوو لەگەڵ توێژینەوەی بدر(2022) و توێژینەوەی عیسی (2023) و توێژینەوەی هانی (2025).

ب/ دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆزانینی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. بۆ هەر بڕگەیەک لەبڕگەکانی پێوەرەکە بە جیا ئەنجامدراوە. خشتەی (5) ئەمە ڕوونەدەکاتەوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

خشتەی (5) دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەی ولادانی پێوەری پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایان، بۆ هەر برگەیەکی پێوەرەکە بە جیا.

ز	برگەکان	ناوەندە ژمێرەی	لادانی پێوەری	پلەبەندی
1	ژینگەی قوتابخانە کاریگەری لەسەر توانای فێربوونی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت دادەنێت.	2.50	0.70	7
2	لاوازی گرنگی پێدانی خێزانەکان بە دەستکەوتی خوێندنی منداڵەکانیان.	1.59	0.73	24
3	نەبوونی ڕێزەو و شوێنی پێویست و تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو قوتابخانە.	2.21	0.88	17
4	کەمی نامێز و پێداویستی گونجاو بۆ منداڵانی پەککەوتە، بۆ نموونە (کورسی جوڵاو).	1.81	0.80	23
5	لاوازی تواناکانی خاوەن پێداویستی تایبەت کاریگەری هەیە لەسەر دەربڕین و داواکاری پێداویستییە دیاریکراوەکانیان.	2.29	0.82	15
6	کەمی کەرەستە و نامرازەکانی ڕاهێنان، کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگونجێن.	2.56	0.71	5
7	لاوازی کارامەیی مامۆستایان هۆکارە بۆ بەرەوپێش نەچوونی ناستی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.44	0.63	9
8	خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت تووشی گرفتی هاتووچۆ دەبن لە ناو قوتابخانە.	2.44	0.77	9
9	کەمی زانیاری پێویستی مامۆستایان لەسەر کارامەییەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.46	0.74	8
10	ترسان لە ژینگەی قوتابخانە و سەختی تێکەڵبوونیان لەگەڵ منداڵانی ناسایی.	2.40	0.79	11
11	گرانی پڕۆگرامەکانی خوێندن و نە گونجاندنی لەگەڵ ناستی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.33	0.72	14
12	کەمی زانیاری وشارەزایی مامۆستایان لەسەر پڕۆسەی پەروەردەی گشتگیر و ژوری سەرچاوە.	2.46	0.77	8
13	لاوازی گرنگی پێدانی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە پڕۆسەی تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.21	0.71	17
14	بینای قوتابخانە بۆ وەرگرتنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت گونجاو نین.	1.36	0.66	26
15	منداڵانی ناسایی ڕەفتاری نەگونجاو و ناپەسەندیان بەرانبەر نەنجام دەدەن.	2.24	0.75	16
16	خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت پابەندی خوێندنی گشتی دەکرێن.	2.43	0.71	10
17	لاوازی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی منداڵانی خاوەن پێداویستی و پشتگوێخستنی نەرکەکانیان.	1.40	0.77	25
18	کێشەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ هاوڕێکانیان بەهۆی تێنگەیشتن و جۆری بیرکردنەوەیانە.	2.29	0.67	15
19	ژینگەی قوتابخانەی گشتی یارمەتیدەر نییە بۆ پڕۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەیی.	2.33	0.79	14
20	منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەفتاری تێکدەرانە نەنجام دەدەن لەناو پۆل.	2.24	0.82	16
21	کەمی چالاکییە قوتابخانەییەکان و بەرنامەی چێژبەخش بۆ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.69	0.58	1
22	خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت فرەجۆڵەن و تەرکیزیان کەمە لە پۆلدا.	2.34	0.80	13
23	نەبوونی نامرازی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر لە تاقیگە بۆ گروپەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.67	0.61	2
24	تێکەڵکردن گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ منداڵانی ناسایی دروست دەکات.	2.20	0.76	18
25	لاوازی خواستی مامۆستایانی گشتی بۆ تێکەڵکردنی پەروەردەیی.	2.60	0.60	3
26	نەبوونی پڕۆگرامی پەروەردەی تایبەت بۆ ناستە جیاوازەکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.37	0.80	12
27	لاوازی پەیوەندی کارگێڕی قوبخانە و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.	1.99	0.89	21
28	کەمی هۆشیاری کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن لە تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت.	1.83	0.72	22
29	گرانی بەدەستهێنانی پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.53	0.67	6
30	خراپی مامەڵەکردنی مامۆستایان لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.40	0.67	11
31	کەمی تەرخانکردنی بودجە و سەرچاوەی دارایی بۆ دابینکردنی پێداویستی و کەرەستە پێویستەکان بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.53	0.76	6
32	کەمی گیانی هاریکاری و لێکتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە.	2.14	0.80	19
33	خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت نارەزووی پاشەکشەکردن و دووركەوتنەوە دەکەن لە کۆمەڵگە.	2.30	0.67	15
34	نەبوونی نارەزووی خوێندن و فێربوون لەلای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.03	0.70	20
35	لاوازی چاودێری و خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان لە قوتابخانە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	2.37	0.64	12
36	فشاری خێزانی لەسەر خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، تاکو لەگەڵ منداڵانی تری هاوتەمەنی خۆی بگونجێنێت.	2.59	0.65	4
37	منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر تووشی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان دەبن.	2.59	0.58	4
38	گرانی گواستنەوەی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە.	2.30	0.62	15
39	لاوازی پەیوەندییەکان لە نێوان کەس و کاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و مامۆستایان.	2.46	0.67	8
40	کەمی هۆشیاری خێزان و منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەربارەی یاسا و ڕێیاساکانی وەرگرتن لە قوتابخانە.	2.30	0.62	15

لە خشتەی (5) دا ڕوون دەبێتەوە: کە بەرزترین ناوەندی ژمێری لە برگەی (21) دا بوو، کە بریتییە لە: کەمی چالاکییە قوتابخانەییەکان و بەرنامەی چێژبەخش بۆ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ناوەندی ژمێری (2.69) و لادانی پێوەری (0.58)ە. لە پلەبەندی دووەمدا برگەی ژمارە (23) نەبوونی ئامرازی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر بۆ گروپەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ناوەندی ژمێری (2.67) و لادانی پێوەری (0.61)ە. لە پلەبەندی سێیەمدا برگەی ژمارە(25) لاوازی خواستی مامۆستایانی گشتی بۆ تێکەڵکردنی پەروەردەیی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، کە ناوەندی ژمێری (2.60) و لادانی پێوەری

(0.60)ه. له پلەبەندی چوارەمدا برگەکانی ژمارە (36، 37) فشاری خێزانی لەسەر خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، تاکو لەگەڵ منداڵانی تری هاوتەمەنی خۆی بگونجێنێت، کە ناوەندی ژمێری (2.59) و لادانی پێوەری (0.65)ه، و برگەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر تووشی فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان دەبن، کە ناوەندی ژمێری (2.59) و لادانی پێوەری (0.58)ه. لە پلەبەندی پێنجەمدا برگەی ژمارە (6) کەمی کەرەستە و ئامرازەکانی ڕاهێنان، کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگونجێن.، کە ناوەندی ژمێری (2.56) و لادانی پێوەری (0.71)ه. لە پلەبەندی شەشەمدا برگەکانی ژمارە (29، 31) گرانی بەدەستهێنانی پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت کە ناوەندی ژمێری (2.53) و لادانی پێوەری (0.67)ه، و کەمی تەرخانکردنی بودجە و سەرچاوەی دارایی بۆ دابینکردنی پێداویستی و کەرەستە پێویستەکان بۆ خوێندکارانی خاوەنپێداویستی تایبەت، ناوەندی ژمێری (2.53) و لادانی پێوەری (0.76)ه. لە پلەبەندی حەوتەمدا برگەی ژمارە (1) ژینگەی قوتابخانە کاریگەری لەسەر توانای فێربوونی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت دادەنێت، کە ناوەندی ژمێری (2.50) و لادانی پێوەری (0.70)ه. لە پلەبەندی هەشتەمدا برگەکانی ژمارە (9، 12، 39) کەمی زانیاری پێویستی مامۆستایان لەسەر کارامەییەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە ناوەندی ژمێری (2.46) و لادانی پێوەری (0.74)ه، و کەمی زانیاری و شارەزایی مامۆستایان لەسەر پەروەردەی گشتگیر و ژووری سەرچاوە، کە ناوەندی ژمێری (2.46) و لادانی پێوەری (0.77)ه، و لاوازی پەیوەندی لە نێوان کەس و کاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و مامۆستایان، کە ناوەندی ژمێری (2.46) و لادانی پێوەری (0.67)ه. لە پلەبەندی نۆیەمدا برگەکانی ژمارە (7، 8) لاوازی کارامەیی مامۆستایان هۆکارە بۆ بەرەوپێش نەچوونی ئاستی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت«، ناوەندی ژمێری (2.44) و لادانی پێوەری (0.63)ه، و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت تووشی گرفتی هاتوو و چۆ دەبن لە ناو قوتابخانە، ناوەندی ژمێری (2.44) و لادانی پێوەری (0.77)ه. لەپلەبەندی دەیەمدا برگەی ژمارە (16) خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت پابەندی زۆرە ملێی خوێندنی گشتی دەکرێن، کە ناوەندی ژمێری (2.43) و لادانی پێوەری (0.71)ه. لە پلەبەندی یانزەیەمدا برگەکانی ژمارە (10، 30) ترسان لە ژینگەی قوتابخانە و سەختی تێکەڵبوونیان لەگەڵ منداڵانی ئاسایی کەناوەندی ژمێری (2.40) و لادانی پێوەری (0.79)ه، و خراپی مامەڵەکردنی مامۆستایان لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ناوەندی ژمێری (2.40) و لادانی پێوەری (0.67)ه. لە پلەبەندی دوازدەیەمدا برگەکانی ژمارە (35، 26) لاوازی چاودێریی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قوتابخانە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ناوەندی ژمێری (2.37) و لادانی پێوەری (0.64)ه، و نەبوونی پەرتووکی پڕۆگرامی پەروەردەی تایبەت بۆ ئاستە جیاوازەکانی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت،کە ناوەندی ژمێری (2.37) و لادانی پێوەری (0.80)ه. لە پلەبەندی سێزدەیەمدا برگەی ژمارە (22) خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت فرەجوڵەن و تەرکیزیان کەمە لە پۆلدا، کە ناوەندی ژمێری (2.34) و لادانی پێوەری (0.80). لە پلەبەندی چواردەیەمدا برگەکانی ژمارە (11، 19) گرانی پڕۆگرامەکانی خوێندن و نە گونجاندنی لەگەڵ ئاستی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ناوەندی ژمێری (2.33) و لادانی پێوەری (0.72)، و ژینگەی قوتابخانەکان یارمەتیدەر نییە بۆ پڕۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەیی، بە ناوەندی ژمێری (2.33) و لادانی پێوەری (0.79). لە پلەبەندی پازدەیەمدا برگەکانی ژمارە (5، 18، 33، 38، 40) لاوازی توانا‌کانی خاوەن پێداویستی تایبەت کاریگەری هەیە لەسەر دەربڕین و داواکاری پێداویستییە دیاریکراوەکانیان،کە ناوەندی ژمێری (2.29) و لادانی پێوەری (0.82)، و کێشەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ هاوڕێکانیان بەهۆی تێنگەیشتن و جۆری بیرکردنەوەیانە،بەناوەندی ژمێری (2.29)ولادانی پێوەری (0.67)، وئارەزووی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ پاشەکشەکردن و دووركەوتنەوە لە کۆمەڵگە زۆرترە، کە ناوەندی ژمێری (2.30) و لادانی پێوەری (0.67)، گرانی گواستنەوەی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، کە ناوەندی ژمێری (2.30) و لادانی پێوەری (0.62)، و کەمی هۆشیاری خێزان و منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەربارەی یاسا و ڕێیاساکانی وەرگرتن لە قوتابخانە، بە ناوەندی ژمێری (2.30) و لادانی پێوەری (0.62)، لەپلەبەندی شازدەیەمدا برگەکانی ژمارە (15، 20) منداڵەکانی تر ڕەفتاری نەگونجاو و ناپەسەند بەرانبەریان ئەنجام دەدەن، بە ناوەندی ژمێری (2.24) و لادانی پێوەری (0.75) و منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەفتاری تێکدەرانە ئەنجام دەدەن لەناو قوتابخانە، کە ناوەندی ژمێری (2.24) و لادانی پێوەری (0.82). لە پلەبەندی حەڤدەیەمدا برگەکانی ژمارە (3، 13)، نەبوونی ڕێڕەو و شوێنی پێویست و تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو قوتابخانە، بەناوەندی ژمێری (2.21) و لادانی پێوەری (0.88)، و لاوازی گرنگی پێدانی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە پڕۆسەی تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ناوەندی ژمێری (2.21) و لادانی پێوەری (0.71). لە پلەبەندی هەژدەیەمدا برگەی ژمارە (24) تێکەڵکردن گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ منداڵانی ئاسایی دروست دەکات.، ناوەندی ژمێری (2.20) و لادانی پێوەری (0.76). لە پلەبەندی نۆزدەیەمدا برگەی ژمارە (32) کەمی گیانی هاریکاری و لێکتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە، کە ناوەندی ژمێری (2.14) و لادانی پێوەری (0.80). لە پلەبەندی بیستەمدا برگەی ژمارە (34) نەبوونی ئارەزووی خوێندن و فێربوون لەلای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کەناوەندی ژمێری (2.03) و لادانی پێوەری (0.70). لە پلەبەندی بیست و یەکەم برگەی ژمارە (27) لاوازی پەیوەندی کارگێری قوتابخانە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی تایبەت، کە ناوەندی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ژمێری (1.99) و لادانی پێوەری (0.89). لە پلەبەندی بیست و دووەمدا بڕگەی ژمارە (28) کەمی هۆشیاری کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن لە تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت،کە ناوەندی ژمێری (1.83) و لادانی پێوەری (0.72). لە پلەبەندی بیست و سێیەم بڕگەی ژمارە (4) کەمی ئامێر و پێداویستی گونجاو بۆ منداڵانی پەککەوتە، بۆ نموونە (کورسی جوڵاو)، کە ناوەندی ژمێری (1.81) و لادانی پێوەری (0.80). لە پلەبەندی بیست و چوارەم بڕگەی ژمارە (2) لاوازی گرنگی پێدانی خێزانەکان بە دەستکەوتی خوێندنی منداڵەکانیان. کە ناوەندی ژمێری (1.59) و لادانی پێوەری (0.73). لە پلەبەندی بیست و پێنجەم بڕگەی ژمارە (17) لاوازی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی منداڵانی خاوەن پێداویستی و پشتگوێخستنی ئەرکەکانیان، کە ناوەندی ژمێری (1.40) و لادانی پێوەری (0.77). لە پلەبەندی بیست و شەشەمدا بڕگەی ژمارە (14) بینای قوتابخانە بۆ وەرگرتنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت گونجاو نین، کە ناوەندی ژمێری (1.36) و لادانی پێوەری (0.66)ە. ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بوو لە گەڵ توێژینەوەی بدر(2022).

ئامانجی دووەم/ زانینی جیاوازی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان،بەپێی گۆڕاوەکانی:ڕەگەز(نێر،مێ)، و(ساڵانی خزمەت).

أ- زانینی جیاوازی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر، مێ)؟

بۆ زانینی جیاوازی ئاماری بەپێی ڕەگەز(نێر،مێ) لە نێوان مامۆستایان، ئەنجامەکە نیشانی دەدات کە ناوەندە ژمێری بۆ وەڵامدانەوەی ڕەگەزی نێر بریتییە لە (62.642) بەلادانی پێوەری (6.889)، لەکاتێکدا ناوەندە ژمێری بۆ وەڵامدانەوەی ڕەگەزی مێ بریتییە لە (71.6667) بەلادانی پێوەری (8.607). بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕەوایەتی جیاوازی نێوان وەڵامدانەوەی مامۆستایان، تاقیکردنەوەی (Independent Sample t-test) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهاتووە، بەم شێوەیە لە خشتەی(6) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (6) ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای تاقیکردنەوەی(ت) بەپێی گۆڕاوی جۆری ڕەگەزی(نێر،مێ).

گۆڕاوی ڕەگەز	ژمارە نموونە	ناوەندە ژمێری	لادانی پێوەری	نمرەی نازاد	بەهای تائی		ئاستی بەڵگەدار 0.05
					ژمێردراو	خشتەیی	
نێر	17	62.642	6.889	38	3.558	2.021	بەڵگەدار
مێ	23	71.666	8.607				

لەخشتەی (6) ئەنجامی توێژینەوەکە نیشانی دەدات، کە بەهای تائی ژمێردراو (3.558) گەورەترە بەراورد بە بەهای تائی خشتەیی کە(2.021)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی ئاماری بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەزی (نێر، مێ)، کە لە بەرژەوەندی مامۆستایانی ڕەگەزی مێ بووە. هەروەها لە ڕووی ناوەندە ژمێرییەوە، ڕێژەی ناوندە ژمێری مامۆستایانی ڕەگەزی مێ (71.666) بەرزترە بەراورد بە ناوەندە ژمێری مامۆستایانی ڕەگەزی نێر (62.642). ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بوو لەگەڵ توێژینەوەی بدر(2022) و هانی (2025).

توێژەر بەم شێوەیە شرۆڤەی دەرئەنجامەکە دەکات، ئەم جیاوازییە دەتوانێت پەیوەندی بە جۆری بەرپرسیارێتی پیشەیی و خێزانی، و فشارەکانی کار و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت. لە هەمان کاتدا، بارودۆخی قوتابخانە دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەستکردن بە ئاستەنگەکان هەبێت لەلای مامۆستایانی ڕەگەزی مێ، بە تایبەتی کاتێک سەرچاوە و پشتگیری پەروەردەیی کەم بێت. هەروەها، ئەزموونی پیشەیی و ساڵانی خزمەت دەتوانن لە توانای مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و بەربەستەکانی پرۆسەی فێرکردندا ڕۆڵ ببینن. لە لایەکی دیکەوە، کەلتووری کۆمەڵگە و بەربەستەکانی پرۆگرام و سیستەمی پەروەردەیی دەتوانن فشار و پلەی ئاستەنگەکان بەرزتر بکەن لەلایەن مامۆستایان.

ب- زانینی جیاوازی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) 10 و ساڵ زیاتر، و کەمتر لە 10ساڵ؟

بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاماری گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لە نێوان مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، شیکارییەکی یەکلایەنەی جیاواز(One -Way-ANOVA) بەکارهێنراوە بۆ زانینی ناوەندی وەڵامەکانی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت). بەم شێوەیە لە خشتەی(7) ئەنجامەکە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(7) شیکارییەکی یەکلایەنەی جیاواز(One -Way-ANOVA)بۆ زانینی جیاوازی ئاماری بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت).

پێکهاتەی گروپەکان	کۆی دوجاکان (SS)	نمرەی نازاد (df)	دوجای ناوەند (MS)	بەهایی F		ئاستی بەڵگەدار 0.05
				ژمێردراو	خشتەیی	
لە نێوان گروپ (B.G)	4890.481	1	489.481	74.25	4.15	بەڵگەدارە
لە ناو گروپ (W.G)	2107.737	38	55.467			
کۆی گشتی	6998.218	39				

لەخشتەی (7) نیشانی دەدات، کە بەهای فائی (F) ی هەژمارکراو بریتییە لە (74.25) گەورەترە لە بەهای(F) خشتەیی(4.15)، و لەکاتێکدا ئاستی واتاداری (Sig) یەکسانە بە(0.000)، کە ئەمەش کەمترە لە ئاستی ئاماژەی ئاماری دیاریکراو (0.05). ئەم جیاوازییە بە شێوەیەکی ئاماری بەڵگەدارە. ئەمە نیشانی دەدات، کە ئەزموونی پیشەیی وخزمەت ڕۆڵێکی کاریگەر هەیە لە جیاوازی دید و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ ئاستەنگەکان لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت. بۆیە دەتوانین بڵێن ئەو مامۆستایانەی، کە خزمەتی پیشەییان لە

(10) ساڵ کەمترە، ڕەنگە ئاستەنگەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ماموستایانی خاوەن ئەزموونی زیاتر هەست پێبکەن و زیاتر ڕووبەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان دەبنەوە لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

دووەم: شیکردنەوە و گفتوگۆی ئەنجامەکانی توێژینەوە:

-پشتبەستن بەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە لە دوای چەند پرسیارێکی سەرەکی لەسەر زانینی پلەی ئاستەنگەکانی بەردەم ماموستایانی پەروەردەی تایبەت، ئەنجامی گشتی توێژینەوەکە نیشانیدەدات، کە ماموستایانی پەروەردەی تایبەت لە پرۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەت ڕووبەڕووبە ئاستەنگی بەرچاو و جۆراوجۆر دەبنەوە.

لە ڕووی گرفتە پەروەردەییەکان، ئەنجامەکان دەتوانرێن بە نەگونجانی هەندێک بەرنامە و ناوەڕۆکی فێرکاری لەگەڵ پێداویستییە تاکەکەسییەکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت پەیوەست بکرێن. خوێندکارانی ئەم گروپانە پێویستیان بە بەرنامەی فێرکاری تایبەتمەند، و ئامانجی ڕوون، چالاکی و هەڵسەنگاندنی گونجاوهەیە، بەڵام ئەگەر بەرنامەی فێرکاری بە شێوەی یەکسان بۆ هەموو خوێندکاران دابین بکرێت، ماموستا ناچار دەبێت خۆی گۆڕانکارییە پێویستەکان لە بەرنامەکەدا دروست بکات. بەڵام کاتێک ژمارەی منداڵان لە ناو پۆل زۆر بێت، کاتی وانەکان سنوردار بێت و کەرەستەی ڕاهێنان بەردەست نەبێت کێشەی زۆر بۆ ماموستا دروست دەکات. لە هەمان کاتدا، ڕێکخستنی بەرنامەی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ ماموستایان لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی پۆل و ژووری سەرچاوە، ستراتیژییەکانی فێرکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەتوانێت توانای ماموستا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دروست دەبێت ئاسانتر بکات. بۆیە دەکرێت ئەنجامی گشتی توێژینەوەکە وەکو بابەتێکی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی پەروەردەیی و پیشەیی ماموستایان لێک بدرێتەوە. سەبارەت بە پەیوەندی ژینگەی قوتابخانە و پرۆسەی تێکەڵکردن، لەو هۆکارە گرنگانەی دروستبوونی ئاستەنگ و ئاڵنگارین، کە نەگونجانی ژینگەی فیزیکی و پەروەردەیی قوتابخانە بەدوادەدێت. تێکەڵکردنی خوێندکاران تەنها گواستنەوەی خوێندکار بۆ پۆلی گشتی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ڕێکخراوە، کە پێویستی بە ئامادەکردنی ژینگە، کەرەستە، ماموستا، خوێندکارانی ئاسایی و کارگێڕی قوتابخانە هەیە. ئەگەر ژینگەی قوتابخانە بۆ قبوڵکردنی جیاوازییەکان و دابینکردنی پێداویستییە تایبەتەکان ئامادەنەکرابێت، ئەوا تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە تێکەڵبوونی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی دانانرێت. هەروەها نەبوونی ژووری سەرچاوە و پۆلی تایبەت، کەرەستەی یارمەتیدەر، ئامرازەکانی گواستنەوە و تەکنیکییەکانی ڕاهێنان، و هەروەها نەگونجانی شوێنی خوێندن دەتوانن کاری ماموستا قورستر بکەن و بەشداریی خوێندکاران لە چالاکییەکانی پۆل کەم بکەنەوە.

لە بواری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە مرۆییەکان، مامەڵەی نەگونجاوی هەندێک خوێندکار لەگەڵ هاوپۆلە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، هەروەها نەبوونی تێگەیشتنی تەواو لەلایەن هەندێک ماموستای گشتی لە قوتابخانە، دەتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەکە. هەروەها هەستکردن بە جیاوازی، گاڵتەجاڕی، دوورخستنەوە، یان پێنەدانی دەرفەت بۆ بەشداری، دەتوانێت هەستی سەلامەتی و دەروونی و متمانەبەخۆبوون لەلای خوێندکاری پەککەوتە کەم بکاتەوە. لە هەمان کاتدا، ئەگەر ماموستایانی گشتی پێداویستییەکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە پێویست نەزانن یان ڕاهێنانی پێویستیان نەبینی بێت لەسەر ئەم جۆرە منداڵانە، دەبێتە هۆی لاوازی هاوکاریی لەنێوان ماموستای پەروەردەی تایبەت و ماموستای گشتی. بۆیە تێکەڵکردنی سەرکەوتوو پێویستی بە دروستکردنی کەشێکی لەبار و دانبەخۆداگرتنی ئەندامانی قوتابخانە هەیە، کە بنەمای لەسەر ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، کاری هاوبەش، هاوکاری و یەکسانی دەرفەتەکان بێت.

لە ڕووی ئاستەنگە کارگێڕییەکانەوە، نەبوونی ڕێکخستنی ڕوون بۆ دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکان، کەم بوونی هاوکاری کارگێڕی، نەبوونی پلانی هاوبەشی کارکردن بۆ ماموستای پەروەردەی تایبەت و ماموستای گشتی، و سنووردار بوونی پشتگیری دامەزراوەیی دەتوانن هۆکاری بەردەوامبوونی ئاستەنگەکان بن. پرۆسەی تێکەڵکردن پێویستی بە تیمی کارکردنی هاوبەش هەیە، کە ماموستای پەروەردەی تایبەت، ماموستای گشتی، بەڕێوەبەر، ڕاوێژکار، پسپۆڕانی بوارەکان و خێزان لەخۆ بگرێت. کاتێک ئەم پەیوەندییە دامەزراوەییە لاواز بێت، بەرپرسیارێتی فێرکردن و پشتگیریکردنی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی نادروست دەکەوێتە سەر ئەستۆی ماموستای پەروەردی تایبەت، کە ئەمەش دەتوانێت هۆکاری زیادبوونی فشار و ئاستەنگی پیشەیی بێت.

لە بواری دەروونییەوە، خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ژینگەی قوتابخانەدا ڕەنگە تووشی فشار و هەستی نامۆبوون، تەنهایی، لاوازی متمانە بەخۆبوون، ترس لە ڕەتکردنەوە و لاوازیی هەستی سەربەخۆیی ببن، بە تایبەتی ئەگەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بە شێوەیەکی پشتگیریکەر ڕێک نەخرابێت. ئەم دۆخە دەروونییە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەشداری خوێندکار، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، وەڵامدانەوە و ئامادەبوونی بۆ فێربوون هەبێت. لەبەر ئەوە، ئەرکی ماموستای پەروەردەی تایبەت

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

تەنها چارەسەرکردنی گرفتە ئەکادیمییەکان نییە، بەڵکو دەبێت پشتگیریی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکار و دروستکردنی هەستی سەلامەتی و سەربەخۆیی لە پۆل و ژووری سەرچاوە لەخۆ بگرێت.

هەروەها، نەبوونی تەکنەلۆژیا و کەرەستەی یارمەتیدەر دەتوانێت یەکێک بێت لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاستەنگەکان. تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە زانیاری، پەیوەندی، بەشداریی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە. کاتێک ئەم ئامرازانە بەردەست نەبن، مامۆستا ناچار دەبێت بە شێوازە کۆنەکان و کەرەستەی سنووردار پشت ببەستێت، کە ئەمەش توانای گونجاندنی پڕۆسەی فێرکردن لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکان کەم دەکاتەوە. بۆیە دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەری گونجاو بە تەنها کڕینی ئامراز نییە؛ بەڵکو پێویستی بە ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕاهێنەران، و چاودێریی و دابینکردنی پشتگیریی تەکنیکی بەردەوام هەیە.

لە هەمان کاتدا، ماف و هۆشیاریی خێزان بەشێکی گرنگی سیستەمی پشتگیری خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەتە. کاتێک خێزان لە مافە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکانی منداڵی خۆی و شێوازی داواکاریی خزمەتگوزارییە پێویستەکان ئاگاداریی تەواوی نەبێت، بەشداری خێزان لە پڕۆسەی پەروەردە و بڕیاردان کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانەوە، خێزانی هۆشیار و بەشدار دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی سەرەکی مامۆستا لە دیاریکردنی پێداویستییەکان، دانانی ئامانجە فێرکارییەکان و چاودێریکردنی پێشکەوتنەکانی منداڵ. لەبەر ئەمە، پەیوەندیی بەردەوام و ڕێکخراو لە نێوان قوتابخانە و خێزان دەتوانێت بەشێک لە ئاستەنگەکان کەم بکاتەوە.

لە کۆتاییدا توێژەر سەرچاوی بەشێکی زۆری ئەم ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێك. لەوانەش: گرفتە پەروەردەییەکان، لاوازی بەرنامە، ژینگەی قوتابخانە، مامەڵەی هاوڕێ و هاوپۆلەکانی، گرفتی مامۆستایانی گشتی، کێشە کارگێڕییەکان، لاوازیی پشتگیریی کۆمەڵایەتی و خێزانی، پێویستییە دەروونییەکان، نەبوونی تەکنەلۆژیا و هۆشیاری لەسەر مافەکان، هەموویان بە یەکەوە کاریگەری لەسەر جۆری ئەزموونی فێرکردن دادەنێن. لەبەر ئەمە، چارەسەری ئەم دۆخە نابێت تەنها بە ڕاهێنانی مامۆستا سنووردار بکرێت، بەڵکو پێویستە سیستەمێکی یەکگرتووی پشتگیری دروست بکرێت کە بەرنامەی گونجاو، ژینگەی فەراهەمکراو، تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر، هاوکاریی مامۆستایانی تایبەت و گشتی، بەشداری خێزان، پشتگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی، و پاراستنی ماف و یەکسانی دەرفەتەکانی خوێندکار لەخۆ بگرێت. ئەم ڕوانگەیە دەتوانێت پڕۆسەی تێکەڵکردن لە بوونی خوێندکار لە پۆلی گشتی بگۆڕێت بۆ بەشداریی ڕاستەقینە و کاریگەری ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش ئامانجی سەرەکیی پەروەردەی گشتگیرە.

ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:

لە ژێر ڕۆشنایی پرسیار و ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر ئەمانەی خوارەوەی خستۆتە ڕوو:

یەکەم: پێشنیارەکان:

1-پێویستە دامەزراوە پەروەردەییەکان خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دابین بکات.

2-پێویستە پڕۆگرام و شێوازی فێرکردنی تایبەت بەپێی جۆر و ئاستە جیاوازەکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بگونجێندرێن.

3-پێویستە ژینگەی قوتابخانە و کەرەستە و تەکنەلۆژیای پەروەردەیی بۆ پشتیوانی پڕۆسەی پەروەردەی گشتگیر پەرەی پێبدرێت.

4-پێویستە هاریکاری لە نێوان مامۆستای پەروەردەی تایبەت و مامۆستای گشتی و خێزان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەهێز بکرێت.

5-پێویستە لێژنەی پسپۆڕ و شارەزا دابمەزرێت بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییەکان.

دووەم: ڕاسپاردەکان:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کاریگەری خولی ڕاهێنانی پێشەیی لەسەر کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

2-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەری ژینگەی قوتابخانە و پڕۆسەی تێکەڵکردن لەسەر گەشەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

3-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر و ژیری دەستکرد لە باشترکردنی پڕۆسەی فێرکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

4-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕۆڵی هۆشیاری و بەشداری خێزان لە کەمکردنەوەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت..

5-ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز،بڕوانامە،تەمەن، خزمەت، جۆری پەککەوتەیی).

ليستى سەرچاوەكان :

-سەرچاوەى كوردى:

- قەرەچەتانى،كەريم شەريف (2009) سايكۆلۆژياى گەشەى منداڵ و هەرزەكار،چاپى يەكەم،سلێمانى.
- مصطفي،كنعان اسماعيل عبدالله(2023)كارايى بەكارهێنانى ستراتيژى كورسى گەرم لەسەر دەستهات لاى خوێندكارانى پۆلى هەشتەمى بەرەتى بۆچوونيان(ئاراستەيان)دەربارەى بابەتى كۆمەڵايەتى.ماستەرنامە،كوردستان ،العراق.

-سەرچاوەى عەرەبى:

- أبوحميدان ، يوسف و محمد الياس العزاوي (2001) تطور الضغوط النفسية عبر الابعاد الزمنية) الماضي ، الحاضر ، المستقبل) ، مجلة جامعة دمشق ، المجلد 17 ، العدد 2 . جامعة مؤته .
- ابوراضي بسام ابراهيم،و البلوي علي عايد(2025) الصعوبات التي تواجه معلمي برامج التربية الفكرية من وجه نظرهم،جامعة تبوك.
- بدر،هند عبدالرازق (2022) الصعوبات التي تواجه المعلمين في دمج ذوي الاحتجاجات الخاصة في مدارس التعليم العام دراسة ميدانية على عينة من مدارس التعليم الاساسي في مدينة البيضاء.
- الجعفري، ماهر(2002) ، فلسفة المعلم التربوية. مجلة المعلم الجديد، العدد(1)، وزارة التربية.
الحاجات الخاصة، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان.
- حسن،أسامة عبد المنعم عيد(2020) الرضا الوظيفي لدى معلمي التربية الخاصة وعلاقته ببعض المتغيرات،مجلة علوم ذوي الاحتياجات الخاصة، جامعة عين شمس.مصر
- الخطيب، جمال محمد(2018) تعليم الطلبة ذوي الحاجات الخاصة في المدارس العادية .الطبعة الخامسة، دار وائل للنشر والتوزيع.
- دبراسو، فطيمة (2020) الصعوبات التي يواجهها معلمو التربية الخاصة، مجلة العلوم الانسانية لجامعة أم البواقي، للدراسات الفلسفية المجلد 7 / العدد: 3 ، الجامعة بسكرة.
- الظاهر ، قحطان أحمد(2012)الاعاقة الذهنية وبطء التعلم ، ط 1 ، دار وائل للنشر ، عمان .
- عباس،فيصل(1996)،الأختبار النفسية تقنياتها واجراءاتهاط1دار الفكرالعربي، بيروت.
- عبدالنبي، فادية رزق عبدالجليل(2021)واقع مواجهة مشكالت دمج ذوي الاحتياجات الخاصة بمدارس التعليم العام بمنطقة نجران من وجهة نظر المعلمات والمشرفات وقائدات المدارس.
- العطار، ضياء مهدي (2018) المعوقات التي تواجه معلمي المرحلة الابتدائية في العراق أثناء تأدية المهنة من وجهة نظرهم، مجلة أهل البيت، العدد 22، العراق.
- عمر،خالد الناجي(2020) التعليم الرقمي ومعوقات استخدامه لدى معلمي ذوي الاحتياجات الخاصة دراسة ميدانية على عينة من معلمي ذوي الاحتياجات الخاصة بمدينة المرج.
- عواد،يوسف ذياب(2005)بعض الصعوبات التي تواجه معلمي التربية الخاصة في العمل مع المعاقين .جامعة القدس المفتوحه، منطقة نابلس التعليمية فلسطين.
- عيس،عزيزة(2023) الصعوبات التي يواجهها أساتذة التعليم الابتدائي في تدريس ذوي صعوبات التعلم الأكاديمية، مجلة الحكمة للدراسات الفلسفية المجلد 11 / العدد: 02 (2023)، ص: 1230–1251. جامعة مولود معمري.الجزائر.
- العيساوي ، سيف طارق (2018): التربية الخاصة لبطيىء التعلم، ط 1 ، دار صفاء للنشر والتوزيع.
- قاسمى،إكرام (2020) مشكلات دمج ذوي الاحتياجات الخاصة في المؤسسات التربوية من وجهة نظر معلمي الأقسام الخاصة دراسة ميدانية بولاية تبسة.
- قراقيش،نسرين يوسف و الصلاحات ،آمنة سعدي و أبو جابر، ماجد عبدالكريم .(2021) درجة وعي معلمي التربية الخاصة باستخدام تكنولوجيا التعليم في تدريس طلبة ذوي الحاجات الخاصة في محافظة العاصمة عمان بالأردن ،المجلة الدولية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد العاشر، العدد الثالث، 526:541
- محمود ،سيدة سلامة محمد(2018) أدوار مقترحة للمعلم بالمدارس الابتدائية في ضوء متطلبات نظام الدمج،مجلة العلوم التربوية – كلية التربية بالغردقة – جامعة جنوب الواد
- مرزوق،سماح، عبدالفتاح (2010): تكنلوجيا التعلم لذوي الاحتياجات الخاصة،ط1، دار الميسرة للنشر، عمان.
- مؤسسة الداون سندروم بلندن (2002). المشكلات الطبية و الصحية. ترجمة: المجموعة الاستشارية لنظم المعلومات والإدارة (أي اس ام)، الجزء الثاني، سلسلة كيف نساعد أولادنا حاملي متلازمة داون. القاهرة.
- النوافلة ،وفاء هاني علي(2022)صعوبات التعليم عن بعد التي تواجه طلبة ذوي الاحتياجات الخاصة من وجهة نظر معلميهم وأولياء أمورهم وسبل التغلب عليها،جامعة الشرق الأوسط عمان، الأردن
- هاني، عماد عبود (2025) المعوقات التي تواجه معلمي صفوف التربية الخاصة ومعلماتها في ضوء بعض المتغيرات من وجهة نظرهم، معهد الفنون الجميلة / كربلاء المقدسة، مجله الباحث، مجلة44، العدد 4.
- الهودلي، خلود محمود ،و عمران، محمد(2021)، التحديات التي يواجهها المعلمون في دمج ذوي الاحتياجات الخاصة وسبل التغلب عليها في مدارس محافظة رام الله والبيرة.
- يحي، خولة أحمد (2006): البرامج التربوية للأفراد ذوي، ط1،دار المسيرة للطباعة والنشر.عمان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12615]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

Difficulties Faced by Special Education Teachers in Teaching Students with Special Educational Needs: A Field Study of Selected Schools Implementing Educational Inclusion in Erbil Governorate.

Abstract

This study aimed to identify the Difficulties faced by special education teachers in teaching students with special educational needs in schools located in central Erbil Governorate. To achieve this aim, the researcher employed a descriptive research design. The study population comprised 54 special education teachers during the 2024–2025 academic year, from whom a sample of 40 teachers—23 females and 17 males—was selected. Data were collected using Badr(2022) 40-item scale designed to measure the Difficulties encountered by special education teachers. The data were analyzed using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS). The findings revealed that special education teachers experienced varying degrees of difficulty when teaching students with special educational needs. The results also indicated a statistically significant gender-based difference at the $\alpha = 0.05$ significance level, with the difference favoring female teachers. Furthermore, statistically significant differences were found in the teachers' responses regarding the Difficulties they encountered according to their years of service. Based on these findings, the researcher presented several recommendations for the relevant institutions and offered suggestions for future research.

Keywords: Difficulties, educational inclusion, special education teachers, special educational needs.

الصعوبات التي تواجه معلمي التربية الخاصة في عملية تعليم ذوي الاحتياجات الخاصة: دراسة ميدانية على عينة من المدارس المطبقة لعملية الدمج التربوي في محافظة أربيل.

الملخص

يهدف البحث الحالي إلى معرفة الصعوبات التي تواجه معلمي التربية الخاصة في عملية تعليم ذوي الاحتياجات الخاصة في مركز محافظة أربيل. اعتمد الباحث المنهج الوصفي لملاءمته طبيعة البحث وأهدافه. وتكون مجتمع البحث من معلمي التربية الخاصة خلال العام الدراسي (2024–2025)، والبالغ عددهم (54) معلما ومعلمة. أما عينة البحث فقد تكونت من (40) معلما ومعلمة، بواقع (23) من الإناث و(17) من الذكور. ولتحقيق أهداف البحث، تم استخدام مقياس (بدر، 2022) لقياس الصعوبات التي تواجه معلمي التربية الخاصة، والذي يتكون من (40) فقرة. وقد تم التحقق من صدقه و ثباته. تم تحليل البيانات باستخدام البرنامج الإحصائي للعلوم الاجتماعية (SPSS). وأظهرت نتائج البحث: أن معلمي التربية الخاصة يواجهون صعوبات بدرجات متفاوتة أثناء تنفيذ عملية تعليم الطلبة ذوي الاحتياجات الخاصة في المدارس. وجود فروق ذات دلالة إحصائية عند مستوى الدلالة (0.05) بين معلمي التربية الخاصة تبعا لمتغير الجنس (الذكور والإناث)، وكانت الفروق لصالح الإناث. كذلك ظهرت فروق ذات دلالة إحصائية بين استجابات المعلمين حول مستوى الصعوبات التي يواجهها تبعا لمتغير سنوات الخدمة. وفي ضوء نتائج البحث، قدم الباحث مجموعة من التوصيات والمقترحات للمؤسسات ذات العلاقة، فضلا عن مقترحات للدراسات المستقبلية.

الكلمات المفتاحية :الصعوبات، معلمي التربية الخاصة، ذوي الاحتياجات الخاصة، الدمج التربوي.